# جلوبەرگ لە دیوانی «گۆران»دا

فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**ئاماژە**

جلوبەرگ وەک تایبەتمەندییەکی گرینگی کولتووری، پێویستە بە شێوەیەکی جددی لە سەرچاوەکاندا وەدۆزرێ و تاووتوی بکرێ؛ یەکێ لەو سەرچاوانەی کە هێندێ جار باسی جلوبەرگی تێدا هاتووە دیوانی شاعیرانە کە لێرەدا «دیوانی گۆران» وەک نموونە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە. ڕەنگە ئەوەی گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢ز) لە دیوانەکەیدا سەبارەت بە جلوبەرگ هێناویەتەوە کەم بێ، بەڵام هەر ئەوەندەش خۆی بایەخدارە و تاڕادەیەک پێشاندەری دیمەنی جلوبەرگی سەردەمی شاعیرە. سەرجەمی دیوانی گۆران کە باسی جلوبەرگی تێدا هاتووە بریتین لەم کۆپلانەی خوارەوە کە بەگشتی لە ژێر دوو بەشی جلوبەرگی ژنان و پیاوان، پۆلێنبەندی کراون:

**جلوبەرگی ژنان**

[١] پێچ و سەرپۆش و کڵاو:

**لە دوورەوە چ نمایانە پێچ و سەرپۆشت! (١)**
**چ زوو ئەگاتە دەماخم شەپۆلی بۆی خۆشت!**
**ئەڕۆی بە عیشوە، بە لەنجە، بە وەزنی گۆرانی**
**ئەڕۆی... زرەی کەمەرەت (٢) دێ هەتاکوو بەر کانی!**
(ل: ٧٤)

*

**کڵاو لار، گورجی (٣) کەو ڕەفتار! نەزەر ناکەی ئەڕۆی تۆغر؟**
**لە تیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی**

تۆغـر؟
بـە لـەرزە و زەلزەلـەی ئـەو پلْپلانـەی (٤) دەوری پووشینت، (٥)
بینـای هەسـتیم هەمـوو زێروزەبـەر ناکـەی ئەڕۆی تۆغر؟ (ل: ٧٧)

*

سـەر جـادە موعەتتـەر کـە بـە بـۆی خونچـە و مێخـەک،
بـەو لەنجەیـەوە بەسـتە بڵێـت ورشـەیی خامـەک، (٦)
هاڕەی کەمەرە و پلْپلە و گوارە و کرمەک (٧)...
ئێوارەیـە وا، هەڵگـرە سـا گۆزەیـی تـازە! (ل: ٥٧)

*

ئەی عیففەتەکەت داغی حەسەد بۆ دڵی جیبریل،
هـەر بۆ هـەوەس و عیشـوەیە خـۆ لارە کولاهـت!
(ل: ٧٩)

*

بە ناز لار بگرە سەری بێ پووشین،
با بریقەی بێ کڵاوزەڕ چین چین!
پێچکەی پشتەسەر (٨) لەسەر زوڵفی ڕەش
با بجریوێنێ وەک ئەستێرەی گەش! (ل: ١٢٨)

*

ڕوانیمە باڵای ڕێک، سەر و پێچی شل
ئەگریجەی وەک شەوەی سەر بەفری لامل
(ل: ٢٥٨)

[٢] کەوا:
کراس کەتانی کەواسەوزی بەژنوباڵا بەرز،
بـە شـان و گـۆزەوە چـەن جوانـی ئـەی پەریـی سـەر ئـەرز! (ل: ٧٤)

*

خوار و ژووری ئەم عێراقە،
شین ئەکەم وەک کەوای تاقە! (٩) (ل: ٢١٠)

[٣] کۆڵەوانە:
ڕێگای دێهاتی دەمی بەیانی،
قەڵەباڵغە بۆ سلێمانی
پۆل پۆل ژن و پیاو لە دووی کەر و بار،
سڵاوێک ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار!
ئەم کۆمەڵانە تیایەتی جار جار،
جوانێکی لاوی کۆڵەوانە لار، (١٠)
سەرتاپا خشڵی زیوی وا پێوە،
ئەڕوا و هاڕەی دێ و ئەبریقێتەوە! (ل: ١٢٢)

[٤] سوخمە:
شانی بۆ شل کە و خۆت هەڵسێنەوە،
سوخمەی (١١) سەر مەمک بلەرێنەوە:
با پێچکەی نقێم گورج گورج بە تاسە
لیـو بنێتـە سـەر کوڵمـی هەیاسـە! (١٢) (ل: ١٢٨)

*

بۆ لای باخ ئەڕوانم: بەهار وەک پەری
فستانی (١٣) گیا و گەڵای سەوزی پۆشیوە؛
زەرد و سوور گوڵباخی داوە لە سەری؛
ئارەقی سەر کوڵمی دڵۆپی زیوە! (ل: ١٦٣)

*

پۆلی ژن، زەرد و سوور، ئەکشێ بۆ ناو ڕان،
شـوان ئەڵـێ بـە شمشـاڵ: «هـەوری لار، ئامان!» (١٤)، (١٥) (ل: ١٥٣)

## جلوبەرگی پیاوان

[١] مراخانیی
کوڕ [یەخەی مراخانیی (١٦) ترازان]
ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟
(ل: ٤٨)

[٢] چەفتە و مشکی
دەستەی خزمەتکار: فیشەکدان لە مل،
بە چەفتە (١٧) و مشکی (١٨) سەر و تەپلە زل (١٩)

**دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان:**
**چ بۆ سەربڕین، چ بۆ سەر دانان!** (ل: ١١٨)

[٣] کەپەنک و فەرەنجی:
**چۆن بەپێی خۆی دێ گوڵی گەش**
**بۆ لای شوانی کەپەنک(٢٠) ڕەش؟!** (ل: ٦٧)

❋

**لێی ڕاکشابووین گشت لە بەر سێبەر،**
**چاو بەستراوێکی فەرەنجی لەبەر،**
**کوتەکوت دەرکەوت بە گۆچانەوە،**
**لای دایە لامان بۆ حەسانەوە** (ل: ١٢٤)

❋

**جووتیاری نەقیزەی درێژ سەرشاننەر**
**بەرەو ماڵ لەقەلەق گای داوەتە بەر!**
**تا ئەژنۆ لە قوڕدا و کەپەنەک بەسەر،**
**بۆ ڕانی تەریوی هەڵپە و خەم لەبەر**
(ل: ١٤٤)

[٤] فەقیانە و سەڵتە
**هەموو جل گۆڕیو، سەر و ڕیش تاشیو،**
**لە ئەسپ درابوو ڕەخت و ڕەشوەی زیو**
**فەقیانەی(٢١) سپی و شان(٢٢) و سەڵتەی(٢٣) شین،**
**خۆ لەخشاندنی(٢٤) ناو قەڵتاخی زین**
(ل: ١٢٦)

**پەراوێزەکان:**

١. پێچ: سەروشەدە. (هەنبانەبۆرینە:١٢٩) سەروشەدە، هەر بە لای خۆمانەوە جێی سەرنج نەبووە، بەڵکوو گەڕۆکەکانیش ڕای خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە؛ بۆ نموونە گاسپار درۆڤیل (Gaspard Drouville) کە لە ساڵی ١٨١٢ی زایینی سەردانی ئێرانی کردووە، لە گوێرەی ئەم کەسانەیە کە لە کاتی وەسفی پۆشاکی ژنانی کورد، ئاماژەی بە شەدە کردووە و بە بەراورد دەگەڵ مێزەری پیاوان، شەدەی ژنانی لە لا سووکتر و دڵڕفێنتر بووە. (درۆڤیل،١٣٦٥: ٣٢١-٣٢٢) بۆ باسی زیاتر لەمەڕ شەدە (عەمامە)، بڕوانە وتاری: «جلوبەرگی ژنانی کوردی ئێران لە سەفەرنامەکانی سەردەمی سەفەوی تا کۆتایی پەهلەوی.» (ئاغابەیگی، گۆڤاری ڕامان، ژ ٢١٩) شەدە: هی ڕەش و سپی دێغ دێغ، پتر پیاوان لەسەر خۆیانی دەنێن، بەڵان هی سوور زۆرترینی ژنان دەیبەستن بە دەوری سەریانەوە. مشکی، کێش، سەرپێچ. (گیوی موکریانی: ٦٢٦) ڕەوشەنک رەهوو، لەمەڕ ڕەشتی (شەدە) ئاوا دەنووسێ: «ڕەشتی، جۆرێک سەرپۆشی ئاوریشمی بوو، لە ئەندازەی دوو مەتریدا بە تەختی ڕێ ڕێ و دوو ڕەنگی سووری تۆخ و کراوە، ئەم سەرپۆشە کە بە دەوری کڵاودا دەبەسترا، جاری وابوو بۆ جوانی لاریان دەبەست، بێجگە لە کارایی ناوبراو، هەندێ جار لە ڕەشتی وەک چارۆکە کەڵکیان وەردەگرت.» (رەهوو، ١٣٨١: ٧٢) چەند نموونە لە بەکارهێنانی «شەدە» لەناو گۆرانیدا:

**شەدەلار بۆچی لە من تۆراوی/ جووتە مەمکەکەت هەرمێ گوڵاوی**

**شەدەلار شەدە لار شەدە لار.../ ئۆف شەدەلار گیان مەزەدار** (ناڵەشکێنە: ١٠٠)

❋

**کۆرپەی دڵەکەی من گریە و زار دەکا/ تۆ خۆت دەزانی بۆچ هاوار دەکا/ داوای یارەکەی شەدەلار دەکا**

**چاو مەستێ گیان مەگری، لێو ئاڵێ گیان مەگری/ ناردوومە بۆت بێنن، شەدە و گوارە و هەوری** (ئەگەڕێمەوە: ٣٧)

❋

ئاماژە بە ڕیشوەی شەدە، لە بەیتی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی»دا:

**ئەمن دەمرمەوە لەبەر جووتێک زەردە مەمیانت، دەڵێی زەردە لیمۆیە**

**دەمرمەوە لەبەر شەدێکی ئەڵوان، ڕیشوە شەڕیانە لە مابەینی چاو و برۆیە** (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی: ٢٥)

٢. زڕە: دەنگی ڕاتڵەکانی زنجیر (هەنبانەبۆرینە: ٣٧٧). کەمەرە: کەمبەرەی خشڵ؛کمربند زینتی (هەنبانەبۆرینە: ٦٦٩). پشتێندێکی زیوین، یان زێڕینی گۆدارە ژنان لە پشتی دەبەستن (گیوی موکریانی: ٧٥٤). نموونەیەک بۆ وشەی کەمەرە لە ئاهەنگی «کەمەرە شل» بە دەنگی مەزهەری خالیقی:

**ڕەشە ڕیحانە خۆمی پێ ڕەش کەم/ لە دوای باڵای تۆ دڵ بە کێ خۆش کەم**

**کەمەرە شل کەمەرە شل/ بۆی دێنم کەمەرە شل/ شل شل جا بیبەستە/ با تێر باڵات ببینم** (ئەگەڕێمەوە: ١١٠-١١١)

هەر وەک دەبینین گۆران ئاماژەی بۆ دەنگی کەمەرە (زڕەی کەمەرە) کردووە، لەم نموونەیەی بەیتی «لاس و خەزاڵ»یشدا، ئەم بابەتە دەبینرێ: [خانزاد بە لاس دەڵێ:]

**لە پشتم دەبەستم کەمبەرەی سێ گۆی تەخت زێڕی ئەگەر لە هەمووی پەرەنگی بکاتەوە ئامان ئامان و هاوار هاوارە**

**هێندێک بڵێن: دەنگی هەورە و هێندێکیش بڵێن: خێر کوڕەم کوڕەمی لوزەوی سووارە**

**هێندێک بڵێن: قافڵەیە و هێندێک بڵێن: قەتارە**

**هێندێک بڵێن: خاسە سین سەریان لێ شێواوە ئەو قاوەقاو و هاوار هاوارە...** (لاس و خەزاڵ: ١٠١)

٣. گورج: ژنی زۆر جوان. زوو، بەلەز (هەنبانەبۆرینە: ٧٠٤)؛ دەکرێ بۆ «گورجی کەو ڕەفتار» دوو مانا لەبەرچاو بگیرێ: ئەلف) ژنی گورج وەک کەو لە ڕۆییندا ب) ژنی جوانی وەک کەو لە ڕۆییندا.

٤. پڵپڵانە: پپڵە، پڵپڵە؛ جۆرێک خشڵە (هەنبانەبۆرینە: ١١١). پڵپڵە (پلپلە): پرپرەی گوارە و ئیتر. پرپرەی بەرموور و چتی وا بەسەری ژنانەوە. (گیوی موکریانی: ١٨٢)

٥. پووشین: سەرپێچی ڕەشی ژنان؛ خشڵی سەری ژنانە. پێشەسەر (هەنبانەبۆرینە:١١٥) لێرەدا بە مانای یەکەم هاتووە. لە فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانی، پووشین (پووشێن/ پۆشین) ئاوا مانای لێ دراوەتەوە: «پارچەیەکی ئاوریشمی ئەستوورە، ژنان لە سەریان دەبەستن؛ پۆشی ڕەشی ئاوریشمی ژنانەیە، هیزار، کە ژنە کرمانجان بەزۆری لە سەری دەبەستن؛ شەدە و جۆرە دەسماڵێکە.» (گیوی موکریانی: ١٨٨) پووشین پێچ: جوورە خشڵێکی ژنانەیە، لە پۆشینەکەیان دەپێچرێ. (گیوی موکریانی: ١٨٨)

٦. خامەک: قەنەوز، خام، پارچەیەکی بنەوشی ئاماڵ سوورە، لە ڕەنگی ئەرخەوان دەکات: یاخوا لێت ممبارەک بێ تافتە و خامەک و خارا «فۆلکلۆر» (هەنبانەبۆرینە: ٢٣٨). لە لۆغەتنامەی دێهخودا، لەمەڕ خامەک (قناویز) ئاوا نووسراوە: «جوورە پارچەیەکی سەردەمی محەمەدشا و سەرەتای دەسەڵاتی ناسرەددین شایە. پارچەیەکی دەزوویی کە تەختەکەی بە ڕەنگی جۆراوجۆر بوو، کەچی هێڵگەلێکی (خطوط) هاوتەریبیان بە ڕەنگی جیاواز، بەڵام بە ڕەنگێک بێجگە لە ڕەنگی تەختی پارچەکە، بە مەودای زۆر نزیک لەیەک، تێدا نەخش دەکرد.» (دێهخودا،١٣٧٧: ١٧٧٦٦)

٧. کرمەک: جوورە خشڵێکە لە زێڕ، یان لە زێوی دروست دەکرێ، وەک بەندێکی وایە بە ژێر چەنەگەدا تێدەپەڕێ و هەر دووک سەری بە قولاپ لە کڵاوەکەی قایم دەکرێ کە دەنکەکانی وی وەکرمی دەچن (گیوی موکریانی: ٧٦٥). نموونەیەک لە بەکارهێنانی کرمەک، لە بەیتی

«ناسر و ماڵماڵ»دا؛ (ناسر بە ماڵماڵ دەڵێ):
**هەر چەند خشڵ و کرمەک و گوارەی خاتوون تەورێزییە هەمووم بۆ تۆ هێناوە،**
**ئەو ساڵ حەوت ساڵە چووینە بەغدایە، خاتوون تەورێزی خەنەی شارانی لێ حەرام کراوە** (توحفەی موزەفەرییە: ٢٧٤)

٨. پشتەسەر: خشڵێکە ژنان لە ناوەڕاستی سەری دەدەن و بە پشتا بەردەبێتەوە (هەنبانەبۆرینە: ١٠٩). جووره خشڵێکی پڕپەرەدارە لە زێڕ، یان لە زیو ژنان لە پشت سەریانی دەدەن؛ پاشملە. (گیوی موکریانی: ١٧٧)

٩. تاقە: پارچەیەکە دەکرێتە پشت کەوا (هەنبانەبۆرینە: ١٤٢). جووره پارچەیەکی جوانی نرخدارە لە ئاوریشم و سوورمە دروست دەکرێ. (گیوی موکریانی: ٢١٢)

١٠. کۆڵەوانە: چارەکە، چارۆکە. چارۆک: قوماشێ کە ژنان بەسەر شانیدا دەدەن. (هەنبانەبۆرینە: ١٩٦/ ٦٤١) نموونەی بەکارهێنانی «کۆڵەوانە، چارۆکە» لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا:

**کۆڵوانەی بۆ گرێ دەدەم/ چارۆکەی بۆ گرێ دەدەم**
**کچێ ئەگەر دایکت ڕازی بێ/ دەستێ لە مەمکت دەدەم**
...
**چارۆکەکەی کۆڵی تۆ/ کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ**
**عەترم پێیە بۆم هێناوی/ بە دیاری دەیدەم بە تۆ**
**سوێندم خواردووە ماچی دەکەم/ نێوان مەمکۆڵانی تۆ** (ناڵەشکێنە: ١٠٠)

پێویستە بوترێ پاژەکانی بەرگی ژنان لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەت «چارۆکە» کە حەسەن زیرەک پینج ئاهەنگ (هەوای) لەسەر خوێندووە؛ یەکێک لەوانە ئەم ئاهەنگەیە:

**چارۆکە هەولێرییە کوڵوانە هەولێرییە**
**ئەوا دەچمە سەر ڕێی مەڕێ یارم لەبەر بێرییە**
(ناڵەشکێنە: ١٢١)

*

نموونەیەکی تر، بە دەنگی مەزهەری خالیقی:
**گزەی سووری سەر شانی/ یارم هاتەوە لە کانی**
**بە چارۆکە داپۆشی لارەلارەی مەمکانی**
(ئەگەرێمەوە: ٥٧)

١١. سوخمە: زوخمە، جلیقە، کولەجەی بێ قۆڵ، ئێلەک (هەنبانەبۆرینە: ٣٨٣). سوخمە: سیخمە، کەمەری، سەڵتە (گیوی موکریانی: ٦٠٣) *کڵجە (کولێجە): سوخمەی قۆڵداری ژنانە؛ یلک آستین دار زنانە (هەنبانەبۆرینە: ٦١٩)؛ نموونەیەک بۆ وشەی «کولێجە» کە لە بەیتی (مەم و زین)ی توحفەی موزەفەرییەدا هاتووە:

بەنگینە دەڵێ:
**ئەوە حاشایە ناکا، بەخولای ئەو نییە**
**ئەو کراسی هێنابوویە یەمەنێ**
**ئەوە دەبەر ویدایە، ئەوە خەڵاتی وییە**
**ئەو کولێجەی دە قۆڵی ئەویدا [مەلەک ڕیحان]، ئەوەی یایەزینێیە بەوەی داوە بەیەکجارەکییە**
(توحفەی موزەففەرییە: ١٨١).

١٢. هەیاسە: وەکوو کەمبەرەیە، بەڵان قوبەی وردە وردەی هەیە. (گیوی موکریانی: ٩٢٦)

١٣. فستان: کراسی ڕۆژانەی ژنان (هەنبانەبۆرینە: ٥٢٠). جووره عەزیزییەکی ئافرەتانە، ئاودامانی ناو قەد باریکی داوێن واڵایە. (گیوی موکریانی: ٦٧٢)

١٤. هەوری: پارچەیەکی ئاوریشمی ناسکە بۆ سەرپێچی ژنان و ڕووبەند بەکار دێ (هەنبانەبۆرینە: ١٠١٠). سرکەیی؛ پارچەیەکی ئاوریشمی تەنکە ئافرەتان لەسەری دەنێن یا بەسەریدا دەدەن. سرکەیی: جووره هەورییەکی گوڵداری ئافرەتانە لە ئاوریشمی دروست دەکرێت، لە سەری دەبەستن، ڕەنگی وە سرکەی دەچی (گیوی موکریانی: ٥٩٠/٩٢٥). چەند نموونەیەک لە گۆرانییەکاندا:

**هەر کەسێک بیکا هەوری لار مەنعی دڵداری**
**پەڕوپۆ دەرکا یارەبی وێنەی پاساری**
**ئەرێ کڵۆنجە ڕێ ڕێ دەسماڵ قاقانی**
**کاری ئەمن و تۆ هـەوری لار دنیا پێـی زانـی...**
(ناڵەشکێنە: ٢٨٠)

*

**هەی دە مەگری مەگری مەگرە بەهانە**
**ناردوومـە بـۆت بێ هـەوری لـە بانە** (ئەگەڕێمەوە: ٤١)

١٥. گـۆران لـەم کۆپلانـەی خـوارەوەدا، بـە گشـتی ئامـاژەی بـە دیمەنـی خشـڵ و بەرگـی ژنانـی هەورامـان داوە:

**هەر چەن هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێک،**
**لە هێلانەی دەم ئەفڕێ: ئامانێک!**
**ژنی هەورامان: سەرتاپای خشڵ،**
**سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ،**
**تا بڵێی تەڕپۆش، ئاڵ و واڵا جل،**
**بەژن و باڵا جوان، بەدەن نەرم و شل!**
(ل: ١٢٠-١١٩)

١٦. مراخانـی: کورتـەک، جۆرێـک کـەوای پیاوانە (هەنبانەبۆرینـە: ٨٠٢). مرادخانـی: جـۆرە کاڵایەکـی قۆڵـداری داوێـن کورتـی نـاوداری دوگمەدارە. (فەرهەنگـی خـاڵ: ٤٤٦)


١٧. چەفتە (چەتفە): دەسماڵی سـەری عارەبان (هەنبانەبۆرینـە: ٢١٤). چەتفـەی ئاوریشـمی کـە لـە سـەر دەبەسترێ، پارچەیەکی ئاوریشمییە بە سیم یـا بـە سـوورمە چنراوە. (گیـوی موکریانـی: ٣١١)

١٨. مشـکی: جۆرێـک پارچـەی ئاوریشـم کـە دەکرێتـە پێچـی سـەر، شـەدە. (هەنبانەبۆرینـە: ٨١٠)

١٩. تەپلـە: کڵاوی لبـاد، جۆرێک کڵاوی ژنانـە. (هەنبانەبۆرینـە: ١٥٨) جـوورە کڵاوێکـە وەکـوو فێـس وایـە، هەیـە زۆر درێژتریشـە لـە خـوری دروسـت دەکـرێ. کۆلـۆس، کـووم، تەپلـی، تەپکە؛ هەورامـی و جوانڕۆیـی و لـوڕ و کەڵهـوڕ و ئیتـر لەسـەری دەکەن. (گیـوی موکریانـی: ٢١٩)

٢٠. کەپەنـک (کەپـەن). فەرەنجی (فەرەجـی): پاڵتـۆی بەرگـن. (هەنبانەبۆرینـە: ٦٤٩/٥٢٥) فەرەجی لەگەڵ قاپووت جیاوازییان ئەوەیە قۆڵی نییـە، بـەڵان دوو گوێچکـەی هەیـە، کۆچـەر و شـوان و گاوان و جووتێـران لەبەری دەکـەن لەبـەر بـاران و بەفـر و سـەرما. (گیوی موکریانـی: ٧٣٨)

* پێویسـتە لێرەدا بـە «پەسـتەک»یش ئامـاژە بکـرێ؛ لـە هەنبانـە بۆرینـەدا لەمـەڕ پەسـتەک ئـاوا هاتـووە: چۆغـک، سـوخمەی بـێ قـۆڵ لـە لباد. (هەنبانەبۆرینـە: ١٢١) لـە فەرهەنگـی کوردسـتان گیـوی موکریانـی، لەبـارەی ئـەم وشـەیەوە نووسـراوە: پەسـتە، کـەرک، چـۆغ، پەسـەک، پۆشـاکێکە زۆرتـری لـە مـەرەز، یـان کورک دروسـت دەکـرێ و بـێ قـۆڵ و ئەسـتوورە، وەکـوو سـیخمەی وایـە، لەسـەر هەمـوو بەرگێکـی لەبـەر دەکرێت. (گیـوی موکریانـی: ١٥٩) وێنـەی خـوارەوە، گەڵاڵـەی (طـرح) پەسـتەکی پیاوانـی کـوردە لـە کتێبـی «پوشـاک ایـل هـا»:



**گەڵاڵەی پەستەکی پیاوانی کورد (زیائیوور، ١٣٤٦: ٨١)**

* نموونەیەک لە بەکارهێنانی کەرِک (پەستەک) لە بەیتی «برایمۆک»دا:

**میر [حەج] دەڵێ: «حوکمە دەرت دەکەم لە وڵاتی؛**

**پیاوێکی بێ حقووق و بێ فەراساتی.**

**ئەگەر هاتیە کن ئەمن، لەسەرت بوو کڵاوێکی چوار گوێچک، دە پێتدا بوو کەڵاشێکی دۆمان، دەملتدا بوو کەرِکێکی کورداتی،**

**ئێستا قایل نەبووی بە کەوڵی، حەوتوو بە حەوتوو دەبەخشی سێ قەڵاتی،**

**هێشتا بەوەی ڕازی نەبووی، بە خوار و غەیان دەرهاتی»** (توحفەی موزەفەرییە: ٢٨٩-٢٨٨)

٢١. فەقیانە: ئانگوچک، ئەنگوچک، لەوەندی. (هەنبانەبۆرینە: ٥٢٦)

٢٢. شان: ئەگەر بەجێی «شان»، لێرەدا «شاش» لەبەرچاو بگیرێ، بە بۆچوونی من، ڕێکەوەندیی زیاترە؛ تۆ بڵێی (گۆران)یش هەر مەبەستی ئەم وشەیە نەبووبێت؟! پێویستە بوترێ یەکێک لە ماناکانی «شاش»، پێچی سەر، یان مێزەرە (هەنبانەبۆرینە: ٤٦٤).

٢٣. سەڵتە: سەر جلێکە لە سەر کەوای ئاودامێنەوە دەبەر دەکرێ. (هەنبانەبۆرینە: ٤٤٨) جووره پۆشاکێکە وە سیخمەی دەچێ، بەڵان لە سەرەوەی کەوای لەبەر دەکرێ قۆڵیشی وە هیی کەوای دەچێ. (گیوی موکریانی: ٥٨٢) لە فەرهەنگی گیوی موکریانی دوابەدوای وشەی «سەڵتە»، ئەم دوو وشەیەش هاتووە: ١. سەڵتەدروو: کەسێکە هەر سەڵتە بدروێ ٢. سەڵتەیی: فەرەنجی سەڵتەیی، ئەوەیە درێژیی بەقەدەر سەڵتەی بێ. (گیوی موکریانی: ٥٨٢)

٢٤. لەخش: خشکە؛ خشکەکردن بە زەویندا. (هەنبانەبۆرینە: ٧٦٨) جوولە (گیوی موکریانی: ٨٣٣) لێرەدا مەبەست خشکەکردنە لە ناو قەڵتاخی زین.

**سەرچاوەکان:**


* ئاغابەیگی، فەرامەرز، ٢٠١٥ز، جلوبەرگی ژنانی کوردی ئێران لە سەفەرنامەکانی سەردەمی سەفەوی تا کۆتایی پەهلەوی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢١٩.

* ئەگەرێمەوە، ٢٠٠٦ز، گۆرانییەکانی مەزهەر خالەقی، کۆکراوەی سەردار شەمزاو، چاپی کوردستانی ئازاد.

* خاڵ، شێخ محەمەد، ٢٠٠٥ز، فەرهەنگی خاڵ، چ دووەم، وەزارەتی پەروردە: هەولێر.

* دروویل، گاسپار، ١٣٦٥، سفر در ایران، ترجمە منوچهر اعتماد مقدم، چ دوم، تهران: شباویز.

* دهخدا، علی اکبر، ١٣٧٧، لغت نامەی دهخدا، چ دوم از دورەی جدید، تهران: انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.

* رهو، روشنک، ١٣٨١، پوشاک زنان کرد، فصلنامە فرهنگ کردستان، شماره ١١، ٨١-٦٩.

* شرفکندی، عبدالرحمن، ١٣٦٩، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی - فارسی/ هەژار، چاپ اول، تهران: سروش.

* ضیاءپور، جلیل، ١٣٤٦، پوشاک ایل ها، چادرنشینان و روستائیان ایران، تهران: انتشارات اداره فرهنگ عامە از انتشارات وزارت فرهنگ و هنر.

* فتاحی قازی، قادر(١٣٧٩)، منظومە کردی لاس و خزال، تبریز: انتشارات دانشگاه تبریز.

* فتاحی قازی، قادر(١٣٧٩)، منظومە کردی شیخ فرخ و خاتون استی (متن کردی و ترجمەی فارسی)، تبریز: انتشارات موسسەی تاریخ و فرهنگ ایران.

* گۆران، عەبدوڵڵا، ١٣٨٦، دیوانی گۆران، چ سێیەم، تاران: بڵاوکراوەی پانیذ.

* مان، ئۆسکار، ٢٠١١ز، توحفەی موزەفەرییە «بە زمانی کوردیی موکری»، پێشەکی و ساغکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی، چ. سێیەم، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

* موکریانی، گیوی، ١٩٩٩ز، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

* ناڵەشکێنە، ٢٠٠٦ز، گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک.